**الاتحاد العام اللاجئين العراقيين**

**INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES**

# خواستی پێك هێنانی بەرەیەكی هاوبەش
# لەئاستی ئەوروپا بۆ بەرگری لەمافەكانی پەنابەران
# پێشوازی لیٚ دەكرێت

## كۆنفرانسی (پەیمانگای پەیوەندی نەژادەكان )لە لەندەن

رۆژی شەمە 16-9 كۆنفرانسی پەیمانگای پەیوەندی نەژادەكان لەژیر ناونیشانی (راسیزم ،رزگاری ،شەر لەدژی تیرۆر) بەبەشداری دەیان رێكخراو نیهادی پەنابەری و ئینسانی لە لەندەن بەسترا.

لەم كۆنفرانسەدا ژمارەیەكی زۆر لەهەڵسوراوانی كەمپینە جۆراوجۆرەكان لە وولاتانی كۆنگۆ ،زیمبابویٚ و عیراق كە لەمەیدانی بەرگری لەمافەكانی پەنابەران وماف نیشتەجیٚ بوون، دژ بەراسیزم وداواكاری دەستبەجێی داخستنی گرتووخانەن بانگهێشت كرابوون، هەروەها ژمارەیەكی بەرچاو لە ئەكادیمیست ونووسەر پسپۆر لەمەیدانی پەنابەرانیدا بەشدار ی ئەم كۆنفرانسە بوون.

فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عیراقی بانگهێشت كرابوو بۆ ئەم كۆنفرانسە ، وەفدێكی فیدراسیۆن كە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال،جاسم غفور) بەشداریان كرد ،(دەشتی جەمال) لەبەشی تایبەت بەسیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران قسەو باسێكی پێشكەش كرد لەبارەی بارودۆخی ئیستای عیراق و كوردستان ونائەمنی وداگیركاری و سەركوت و شەری تایفی و مەزهەبی و ئەو هۆكارانەی كە خەڵكی عیراق و كوردستانی ناچار بە ئاوارە بوون كردوە ،هەروەها لەپەیوەندی بە وەزعیتی ئیستای پەنابەران لەبریتانیا و ئیدانەی سیاسەتی گیرانەوەی بەزۆری پەنابەرانی كورد و پشتیوانی لەخواستەكانی پەنابەرانی كوردی خستە روو.

بەدوای تەواوكردنی قسەو باسەكان ماوە درا بە بەشداری ئامادە بووان . لەم نیوەدا فیدراسیۆن تەرحی( پێك هینانی بەرەیەكی هاوبەشی لە ئاستی ئەورپادا دژ بە گیرانەوەی بەزۆری پەنابەران و مافەجیهانداگرە ئینسانی یەكان ) و توووند و تۆل كردنی پەیوەندی نیوان رێكخراو و نیهادە پەنابەری و ئینسانی یەكان باس لێكرد ، ئەم پێشنیارە لەلایەن تەواوی ئامادابوانەوە پێشوازی لێكرا .

بەشدار بوانی ئەم كۆنفرانسە فۆرمی بەرگری لەخواستەكانی پەنابەرانی كورد و عیراقییان ئیمزا كرد كە پێك هاتبوو لە:

1- فشار بهینن بۆ حكومەتی بەریتانیا تا سیاسەتی دیپورت كردنی پەنابەرانی كورد و عیراقی رابگری و مافی ئەوەیان پیٚ بدات تا دیفاع لەخۆیان وەكەیسەكانیان بكەن.
2- دانی مافی پەنابەری بە پەنابەرانی كورد وعیراقی بەعنوانی قوربانیانی شەرو نائەمنی لەعیراقدا.
3- داوا بكەن كەهەرجۆرە هێرشیك بۆسەر ژیانی پەنابەران ، لێسەندنەوەی خزمەت گوزاریەكان (خانووبەرە وەحقوقی سوسیال وەمافی كاركردن ) رابگری.
4- ئازادی كردنی ئەو پەنابەرە كوردانەی لەگرتووخانەكاندا گیراون.

**PO.BOX1575 ,ILFORD,IG1 3BZ, LONDON.UK , Tel:0044:07856032991**
d.jamal@ntlworld.com Burhan Fatahburhanfatah@aol.com Jasim Ghafurjasm_rg@yahoo.co.uk
Tel:/ 07877489626 Tel:/ 07866757213 Office Tell/ 0161 234 2784 ,www.csdiraq.com